# ئافرەت لە کولتووری کوردیدا !

## (تۆژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆگی لە شاری هەولێر)

**پ. د. ڕەشاد سەبری میران**
بەشی کۆمەڵناسی/ کۆلێژی ئاداب
زانکۆی سەلاحەددین
Rashad_miran@yahoo.com

### پێشەکی:

"ئافرەت نیوەی کۆمەڵگایە" – ئەم دەستەواژەیە، کە زۆر باوە، لە ڕووی زانستییەوە هەرگیز ڕاست نییە. مرۆڤایەتی لە دوو توخمی سەرەکی پێکهاتووە کە لێک جیاناکرێنەوە - ژن و پیاو ؛ هیچ یەکێکیان پێش ئەویدی دروست نەبووە و ئەمانە هەمیشە هەر پێکەوە بووین... جیاوازیی فیزیکی لە نێوانیاندا هەیە، بەڵام هەردووکیان یەکتر تەواودەکەن و برەو بە مرۆڤایەتی دەدەن.

جیاکاری لە بەینی ژن و پیاودا، بەرهەمی کولتوورە ؛ ئەوە کولتوورە دەور و پێگەکان دیاریدەکات، پیاو باڵادەست و ئافرەتیش پەراوێز دەخا و دەسەڵاتەکانیش دەبەشێتەوە... هەر کولتووریشە چاودێریی پابەندبوون بەو جیاکارییەی لە ئەستۆیە و بە توندیش کۆنترۆڵی دەکات.

لەم تۆژینەوەیەدا، هەوڵماندا‌وە بنەما کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی جیاکاریی نێوان ئافرەت و پیاو دەسنیشان بکەین، کاریگەریی ئەم دیاردەیە و دەرهاویشتەکانی لەسەر ژیانی ئافرەت و ڕەوشی کۆمەڵایەتی بەگشتی لە کۆمەڵگای کوردیدا، دەرئەنجام و ڕاسپاردەش بخەینەڕوو. بۆ ئەم مەبەستەش لە پاڵ بەکارهێنانی هەندێ سەرچاوەی تیۆریی گونجاودا، هەروەها میتۆدی سەرنجدانی ڕاستەوخۆ بۆ دیاردەکان بەکارهاتووە - بەو پێیەی تۆژەر خۆی ئەندامی کۆمەڵگای تۆژینەوەکەیە.

### کۆمەڵگا و سستێمی کۆمەڵایەتی:

ژیانی سەختی سەرەتایی پێویستی بە هەرەوەزی کۆمەڵی هەبووە، بۆیە مرۆڤی سەرەتایی بە ڕەوە و کۆمەڵەی بچووک ژیاون ؛ لەگەڵ گەورەبوونی کۆمەڵەکە،

زۆربوونی ئەندامانی و پێداویستییەکانی ژیان، هەروەها زێدەبوونی هوشیارییان، جۆرە ڕێکخستنێک لە نێویاندا سەری هەڵدا کە تیایدا پلە و ئەرکی هەریەکێکیان دیاریکران –ئەمە بوو بە بناغەی سستێمی کۆمەڵایەتی لەنێو کۆمەڵە مرۆییەکاندا.

وردەوردە و لەماوەیەکی درێژدا، ئەو سستێمە سەرەتاییە تادەهات پتەو و فراوانتر دەبوو - بۆ پاراستن و بەڕێوەبردنی سستێمەکە تیایدا دەزگای کۆمەڵایەتی دروستبوون. یەکەمین دەزگای (نافەرمی) کە دروستبوو – خێزان بوو ؛ ئەمەش پەڕینەوە بوو بۆ قۆناغێکی مێژوویی پێشکەوتووتر لە جاران. پێشتر، لەنێو کۆمەڵە مرۆییە سەرەتاییەکاندا تەنیا زاوزێ ڕوویدەدا و منداڵ لەدایک دەبوون، منداڵەکانیش تەنیا دایکەکانیان دەناسی ؛ منداڵان لە دەوری دایکیان کۆدەبوونەوە و تەنیا گوێڕایەڵی ئەو بوون –بۆیە ئەو قۆناغە ناوی "دایکسالاری " هەڵگرت.

بە سەرهەڵدانی خێزان، قۆناغی دایکسالاری بەسەرچوو و باوکسالاری داهات؛ ئەوەش، چونکە منداڵ ئیتر باوکی خۆیی دەناسی، ملکەچ و گوێڕایەڵی ئەو بوو. خێزان کە لە باوک و دایک و منداڵانیان پێکهاتبوو، ڕۆڵی گەورە و سەرەکی بینی لە چەسپاندن، پتەو و بەهێزکردنی سستێمی کۆمەڵایەتیدا –بەر لە هەموو شتێکیش بە پیادەکردنی پرۆسەی "پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی socialization" ، واتە گەورەکردن و فێرکردنی کۆرپەکانی و گۆڕینیان لە کائینی بایۆلۆگییەوە بۆ بوونەوەری کۆمەڵایەتی؛ بە مانایەکی تر، سستێمی کۆمەڵایەتی ئەرکی پێگەیاندنی ئەندامی گونجاو و بەسوودی بەخێزان سپارد... لەوساکەوە ئەندامانی خێزان، بەو زانیاری و مەعریفە و ئەزموونانەی پێیان دەدرا، لە پاراستن و لە خزمەت سستێمە کۆمەڵایەتییەکەدا بوون و ئەمە تاکو ئێستاش بەردەوامە.

سستێمی کۆمەڵایەتی، لە ئەنجامی زۆربوونی پێداویستییەکانی ژیان و زێدەبوونی ئاستی هوشیاریی تاکەکان، وەکو گوتمان، تا دەهات فراوان دەبوو و زێتر گەشەی دەکرد، ئەویش بە دروستبوونی دەزگا کۆمەڵایەتییەکانی تری وەک: دەسەڵات، ئایینی، جەنگی، ئابووری و... کە شانبەشانی خێزان ئەمانیش، واتە دەزگاکانی تریش، خزانە نێو پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبردنی سستێمەکەوە؛ جا، لە چوارچێوەی ئەم دەزگایانەدا پەیوەندیی چڕ و جۆراوجۆر

ڕوویاندەدا لەنێوان هەموو ئەو خەڵکەی سەربەو سستێمە کۆمەڵایەتییە بوون. بەم جۆرە، دیاردەی کۆمەڵگای مرۆیی سەری هەڵدا کە دەکرێ ئەم پێناسەیەی، لە ڕوانگەی سۆسیۆلۆگیاوە، بۆ بکەین:

" کۆمەڵگا پێکهاتەیەکی مرۆیی- کۆمەڵایەتییە بە شێوەی سستێمێکی ئاڵۆزی پەیوەندیی تێکچرژاو لە نێوان تاکەکان و هەروەها لە نێوان گرووپەکاندا لەسەر بنچینەی بەها و باوەڕ و پێوەری هاوبەشیاندا " (میران، ٢٠٢١، ٥٩).

بەها و باوەڕ، کە توخمی کولتووریی گرنگن و دواتر قسەیان لەسەر دەکەین، هەروەها پێوەرەکانیان ئەندامانی کۆمەڵگا یەکدەخەن و ئاڕاستەیان دەکەن... بەبێ ئەمانە کۆمەڵبوونی مرۆیی دروست نابێ.

**توخمە سەرەکییەکانی کۆمەڵگا :**

خێزان، وەکو گوتمان، یەکەمین و گرنگترین دەزگای کۆمەڵایەتییە و بناغەی هەر سستێمێکی کۆمەڵایەتییە، تیایدا پڕۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بەڕێوەدەچێ کە مرۆڤ پێدەگەینێ و لە بوونەوەرێکەوە دەیکات بە کائینێکی کۆمەڵایەتی و کەسایەتیی بۆ فەراهەم دەکات- ئەو جۆری کەسایەتییەی کە سستێمی کۆمەڵایەتی پێویستیەتی.

خێزان هەمیشە لە پیاو و ژنێک (یان زیاتر لە ژنێک) و منداڵەکانیان پێکدێت و لەسەر بنەماکانی کولتووری کۆمەڵگاکە منداڵەکان گەورە دەکات. لە کۆمەڵگای سەربە کولتووری پیاوسالاردا پەروەردەکە کوڕ دەکات بە پیاو و کچیش دەکات بە ئافرەت... ئەم ئەرکەش بەشی هەرەزۆری لە ئەستۆی دایکە. جێگەی سەرنجە کە ئافرەتیش پیاوسالارانە منداڵەکانی پەروەردە دەکات – کچەکەی فێردەکا گوێڕایەڵی براکانی بێت، تەنانەت ئەگەر لەخۆشی بچووکتر بن ! ئەوەش چونکە کولتوورەکە پیاوسالارانەیە.

خێزان بەرهەمی پڕۆسەی هاوسەرگیرییە ؛ لەم پڕۆسەیەشدا هەمیشە ڕا و قسەی پیاو یەکلاکەرەوەیە و کچ دەورێکی وای نابێ لەم ڕووداوە گرنگ و چارەنووسسازەیدا - ئەم لە کۆمەڵگایەکی پیاوسالاردا جگە لە باری قورسی دایکایەتی هەروەها کۆمەڵێک ئەرکی جۆراوجۆری تریشی دەکەوێتە ئەستۆ.

لە زۆربەی کۆمەڵگا مرۆییەکاندا، خزمایەتی دەزگایەکی گرنگی سستێمی کۆمەڵایەتییە - ئەندامانی گرووپەیەک توند بە یەکدی دەبەستێتەوە و پەیوەندیی نێوانیان بەهێز دەکات، تەنانەت ئاڕاستەشیان دەکات: ئێمە خزمی یەکترین دەبێ بەکەلکی یەکدیی بێین !... لەم جۆرە کۆمەڵگایانە ئەوەی حسێب بۆ خزمایەتی نەکات دوورەپەرێز و بەتەنیا دەمێنێتەوە. بەڵام، زۆریش لە کۆمەڵگایان ئەم دەور و کاریگەرییەی خزمایەتییان کەمکردۆتەوە یان هەر نەیانهێشتووە.

خزمایەتی چەندین شێوەی هەیە: خزمایەتی بە خوێن، واتە خزمانی دایک و باوک؛ خزمایەتیی هاوسەرگیری – تێکەڵبوون لەگەڵ گرووپی تر بەڕێگەی ژنهێنان لێیانەوە؛ هەروەها ئینتیما بۆ ناوچەیەکی جیۆگرافی – ئەمیش جۆرێک لە خزمایەتیی سیمبۆلی دروست دەکات و لە چەندین بواری ژیاندا کاریگەریی خۆیی دەبێ.

خزمایەتی لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا، لەمانە کۆمەڵگای کوردیش، بەهایەکی گەورەی کولتوورەکەیانە و کۆڵەگەیەکی گرنگی سستێمی کۆمەڵایەتییانە – بۆیەش وەکو دەزگایەکی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێک ئەرک و وەزیفەی بەسەر ئەندامان سەپاندووە کە دەبێ جێبەجێ بکرێن: بەسەرکردنەوە، یارمەتی و هاوکاری و بەهاناچوون... وەکو دەبینین ئافرەت لەنێو چەقی دیاردەی خزمایەتیدایە- چ لە ڕێگای دایکەوە بێت یاخود هاوسەرگیرییەوە؛ دە هەر خزمایەتی بەبێ ئافرەت لە ئارادا نییە.

بازاڕ دەزگایەکە ڕێسا و ڕێکاری خۆیی هەن و ئەوانەی کاری تیا دەکەن و ئەوانەی هاموشۆی دەکەن پابەندن پێیانەوە – لەناو بازاڕدا هیچ فرۆشیار و کڕیارێک بە هەوەس خۆیی نییە، بەڵکو دەبێ ڕەچاوی ڕەوشی بازاڕ بکات ؛ جگە لەوەش، بازاڕ، لەسەر بنەماکانی یاسای قازانج و سوود- کە ئەمانە دوو بەهای سەرەکیی بازاڕ و ئابوورین بەگشتی (قنصوه، ٢٠١٠، ٩٠-٩١)، جۆرێک لە پەیوەندی دەرەخسێنێ لە نێوان، وەکو چۆن فرۆشیار و فرۆشیار، فرۆشیار و بازرگان یان بەرهەمهێن، ئاواش لەنێوان فرۆشیار و کڕیاردا – بەمەشەوە دەورێکی کۆمەڵایەتیی گەورە دەگێڕی لە کۆمەڵگادا. دەوری ئابووریی ئافرەتیش وەک چۆن لە بازاڕ (فرۆشیار یان کڕیار) ئاواش لە خێزاندا کە ئەمەی دواییش، واتە خێزان، لە هەمان کاتدا یەکەیەکی ئابوورییشە.

کەواتە، سستێمی کۆمەڵایەتی بەڕێگەی دەزگاکانییەوە کۆمەڵگا بەڕێوە دەبا و پەیوەندیی نێوان ئەندامەکانی دادەڕێژێ و ڕێکیان دەخا.

لەم ڕووەوە، پسپۆری مرۆڤناس یان کۆمەڵناس کە سەرنج دەداتە کۆمەڵگایەک، هەموو ئەو بوارانەی ژیانی کۆمەڵایەتیی لە پلاندایە – بۆیەش هەوڵدەدا سستێمە کۆمەڵایەتییەکە شەن و کەو بکات، توخم و ڕەگەزەکانی شیبکاتەوە...

بەڵام، دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە ئەوەی سستێم و دەزگاکانی کۆنترۆڵ دەکات و بەڕێوەیان دەبات – کولتوورە ؛ سەبارەت بە دەور و پێگەی کولتوور لەم پرۆسەیەدا دانییل ئێتۆنجا جوانی دەربڕیوە کە " کولتوور دایکە و دەزگاکانیش منداڵەکانییەتی "؛ ئەگەرچی منداڵەکانیش دواتر دەتوانن کاریگەری بنوێنن لەسەر دایکیان (الثقافات و قیم التقدم ,٢٠٠٥، ل٤٢).

**کولتوور:**

هەر کۆمەڵگایەک سستێمێکی کۆمەڵایەتی هەیە کە، بە ڕێکخستنێکی ئۆرگانیکیی توخمەکانی، شێوازی ژیانی ئەندامانی دادەڕێژێ - بەمەشەوە گەورەترین، گرنگترین و کاریگەرترین دیاردەی کۆمەڵایەتی داهێنا کە ئەویش "کولتوورە".

کولتوور دیاردەیەکی بنیادیی (structural) هەر سستێمێکی کۆمەڵایەتییە، بەو مانایەی کە هیچ کۆمەڵگایەک نییە بێ کولتوور ؛ نە هەر ئەوە، بگرە هەموو کۆمەڵبوونێکی مرۆیی یەکگرتوو ئەم دیاردەیە بەرهەم دێنێ – چونکە کولتوور واتە شێوازی ژیانی ئەندامانی ؛ تەنانەت کۆمەڵبوونە بچووکەکانیش، لە هەندێ حاڵەت و لەسەر بنەمای چەند هۆکارێک، دیاردەی وردەکولتوور بەرهەم دێنن. جگە لەوە کولتوور، هەروەها، بەرپرسە لە پرۆسەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی ؛ واتە چاودێریکردنی پابەندبوونی ئەندامانی کۆمەڵگا بە بەها و نەریتەکانەوە.

کولتوور واتە شێوازی ژیان( Herlitz,2010, 9)... ئەندامانی هەر کۆمەڵگایەک جۆرێک لە ژیان بەسەردەبەن، ئەوەش بە ڕێگەی کۆمەڵێک لە باوەڕ و بەها و

پێوەرەکانیان، هەروەها ئامێر و کەلوپەل کە جۆر و شێوازی ژیانی خەڵکەکەیان دارِشتووە ؛ لەگەڵ ئەمەشدا، پێناسەکردنی کولتوور کارێکی ئاسان نییە و تاکو ئێستا بە سەدان پێناسە بۆ کولتوور لە لایەن پسپۆرانەوە پێشنیازکراون... بەڵام ئێمە ئەم پێناسەیە بۆ کولتوور بە گونجاو دەزانین- کولتوور بریتییە لە: هەموو ئەو دەسکەوتە ماددی و مەعنەوییانەی ئەندامانی کۆمەڵگا لە هەموو ماوەی مێژوویاندا بەدەستیان هێناون و لە ژیانی رِۆژانەیاندا بەکاریاندێنن (میران،2016، 215 ).

کولتوور لە دوو جۆر توخم پێکهاتووە: ماددی و مەعنەوی... یەکەمیان وەکو خۆراک، جلوبەرگ، خانوو، کەلوپەل، ئامێرەکان هتد؛ دووەمیش زمان، باوەرِ، بەها، دابونەریت، هونەر...

وەکو دەبینین ژیانی رِۆژانەی ئەندامانی هەر کۆمەڵگایەک بەو توخمە کولتوورییانە بەرِێوەدەچێ ؛ بەڵام ئێمە تەنیا بەها کولتوورییەکان وەردەگرین، زێتریش ئەوانەی ژیانی ئافرەتانیان لە کۆمەڵگای کوردیدا دارِشتووە.

**بەهاکان:**

**بەها و سستێمی کۆمەڵایەتی:**

ژیان پرِ بەهایە ؛ ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ لەسەر بنەمای چەندین بەها دامەزراوە... هەر بیرکردنەوە، رِەفتار، هەڵسوکەوت و هەڵوێستێکی مرۆڤ بەها یان چەند بەهایەکیان لە پشتە ؛ نە هەر ئەوە، بەڵکو هەموو کەلوپەل و پێداویستییەکانی بەها لەخۆ دەگرن- مرۆڤ کاری بێ بەها ناکات و شتی بێ بەهاش رِاناگرێ.

ژیانی کۆمەڵیی مرۆڤ لەخۆوە و بێ بنەما نییە، بەڵکو لەسەر رِێکخستنێك دامەزراوە کە لە ماوەیەکی مێژوویی درێژدا و لە پرِۆسەیەکی پرِ ئەزموونی مرۆیی گەیشتووە بەو شێوازە رِێکخستنە کە هەر یەکێك لە توخمە بنیادییەکانی زەمینەی مێژوویی و فەلسەفیی خۆیی هەیە و بۆیەش کۆمەڵبوونەکانی مرۆیی، مەبەست کۆمەڵگاکانە، دیاردەی مێژوویی چەسپاو و تابڵێی قایم و توندن، زەحمەت ملکەچی گۆرِانکارییەکان بن.

ئەوەی ئەو هێز و چەسپاوییەش زامین دەکات، وەکو ئاماژەمان پێدا – کولتووره، بەتایبەتیش توخمێکی هەرەگرنگی کە بەهایە، واتە نرخ، قیمە Value ؛ چونکە هەر کەلوپەل و ئامراز و هەر فیکر و باوەڕێك بەهاکەی خۆیی لەدەسبدات، ئەوا ناوەرۆك و وەزیفەی کولتووریی نامێنێ و کەواتە کەس پێیەوە پابەند نابێ ؛ لێرەدا دەتوانین بگەین بە ئەنجامێك کە کولتوور بەگشتی گوزارشت لە بەها کۆمەڵایەتییەکانی توخمەکانی خۆیی دەکات، ئەو بەهایانەی کە مایەی مانەوە و بەردەوامبوونی سستێمەکەیەتی.

مێژووی مرۆڤایەتی سستێمی کۆمەڵایەتیی جۆراوجۆری داهێناون بۆ کۆمەڵبوونە مرۆییەکان ؛ هەر یەکێکیش لەو کۆمەڵبوونانە و ئەندامەکانی، بەپێی ڕەوت و ئەزموونە مێژووییەکانی، جۆرێك لە شێوازی بیرکردنەوەی فەراهەم کردووە و تیایدا نرخ و بەهای بە هەندێ بوار و لایەنی ژیان داوە جیاواز لە نرخ و بەهاکانی کۆمەڵبوونەکانی ترەوە- ئەوەش جیاوازیی لەنێوان سستێمە کۆمەڵایەتییەکاندا دروستکردووە و بەمەوە سستێمەکان لە یەکدی جیادەبنەوە...

بۆ نموونە- بەها سەرەکییەکانی سستێمی دەرەبەگایەتی بریتین لە موڵکداری، بنەماڵەیی، گەورە و بچووکی؛ لە سەرمایەداری- قازانج، ئازادی، کێبڕکێ ؛ لە سۆشیالیزمیشدا- یەکسانی، هاوکاری، دادی کۆمەڵایەتی. لە هەمان کاتیش ئەو جیاوازییە لە بەهاکان دەبن بە بنەمایەك بۆ دیاریکردنی ئاستی "پێشکەوتنی" سستێمە کۆمەڵایەتییەکان. هەر ئەم جیاوازییەشە لە بەهاکان کە، زۆرجار، دەبێتە مایەی لێك تێنەگەشتنی کۆمەڵگا و میللەت و نەتەوەکانی جیهان و، زێدەڕۆیی نابێ بڵێین، بەشێکی زۆری ناکۆکی و شەڕ و جەنگە کاولکارییەکان ئاکامی ئەو لێك تێنەگەیشتنە بوون (اي غاسيت ٢٠١١، ١٩٥)؛ هەروەها ئەو قسەیەی داڤید لاندیس: بەتەنیا کولتوور هۆکاری نزیکەی هەموو ناکۆکییەکانە (الثقافات و قيم التقدم، ٢٠٠٥، ٥٣)... یان وەکو جۆن ستۆرێی دەڵێ: بەهای کولتووری بە هەردوو ئاڕاستە کاردەکات- لێکچواندن و جیاکردنەوە، (بەڵام) بە جەختکردن لەسەر جیاوازیی کۆمەڵایەتی... (Storey , 2015, 213).

**بەها کۆمەڵایەتی-کولتوورییەکانی کۆمەڵگای کوردی !**

کۆمەڵگای کوردیش، لەسەر سستێمێکی کۆمەڵایەتی بنیادنراوە کە کولتووری تایبەت بەخۆیی هەیە و جۆرەها بەهای باوی نێو ئەندامەکانی گوزارشت لەو کولتوورە دەکەن – واتە بەهاکانی کوردەواری ئاوێنەی ئەو کولتوورەن کە سستێمەکۆمەڵایەتییەکە بەڕێوە دەبات.

پێناسە و دەسنیشانکردنی سستێمی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردی، کارێکی ئاسان نییە ؛ ئەوەش لەبەر چەندین هۆکاری مێژوویی، کۆمەڵایەتی، ئێتنیکی و کولتووری و... بەڵام دەکرێ سەرنج بدەین کە کۆمەڵگای کوردی لە قۆناغی وەرچەرخاندایە، تیایدا چەندین توخمی کولتووریی کۆن و تازە ئاوێتەی یەکدیی بووین بەجۆرێك کە ڕەوشێکی کولتووریی تەماوی و ئاڵۆزیان لەنێو ئەو کۆمەڵگایە داهێناوە و، کەواتە، بەهای کۆن و نوێ تێکئالاون- ئەوەش بابەتێکی تابڵێی ئاڵۆز و زەحمەت، بەڵام سەرنجڕاکێشی بۆ دەروونناس و ئەنترۆپۆلۆگیستان فەراهەم کردووە سەبارەت بە دیراسەکردنی کەسایەتیی مرۆڤی کورد: مرۆی کورد چۆن بیردەکاتەوە، چی بەلاوە گرنگ و بە بایەخە، ڕەفتار و هەڵسوکەوت و هەڵوێستەکانی چی بەهایەکیان لەپشتە... ؟[1]

لەبەر ڕۆشنایی ئەو هەلومەرجە مێژوویی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەی ئیمڕۆکە لە کۆمەڵگای کوردیدا زاڵ و بەرقەرارن، هەوڵدەدەین ئاماژە بدەین بە هەندێ لە بەها باوەکانی نێو کوردان، وەکو چۆن کۆن یان پاشماوەکانیان، ئاواش نوێ و تازەکان، شیکارییان بۆ بکەین و ئاستی کاریگەرییان لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیی کورد، بەتایبەتیش لەسەر ڕەوشی ئافرەتان، دەربخەین.

**- شەڕەف (ئابڕوو )**

شەڕەف لە کۆمەڵگای کوردیدا سەرتۆپی هەموو بەهاکانی ترە و توندیش بە مرۆی مێینەوە بەستراوەتەوە... ئابڕووچوون واتە ئەتککردن یان لەکەدارکردنی ئافرەتە– ئەمەش لە سستێمی پیاوسالاریدا هەرگیز ڕێپێدراو نییە و خوێنڕشتنی لێ دەکەوێتەوە... شەڕەفپارێزی ئەرکی هەرە لەپێشینەی پیاوی کوردە.

**- ئازایەتی**

ئازایەتی، بەجەرگی، چاونەترسی... ئەمە بەهایەکی هەرەگرنگە لەنێو کوردان و تاکو ئێستاش سیحری خۆیی لەدەست نەداوە ؛ مرۆی هەڵگری ئەم خەسڵەتە بەچاوی ڕێز و ئیعجابەوە تەماشا دەکرێ، بەتایبەتیش لەلایەن ئافرەتەوە. ئەم بەهایە ڕۆحی ڕووبەڕووبوونەوە لەخۆ دەگرێ... ئەم ڕۆحەی کورد هەمیشە پێویستی پێبووە، پەنای بۆ بردووە و پیادەیکردووە – لە لاپەڕەکانی مێژوویدا، هەروەها لە گۆرانی و ئەفسانە و داستانەکانی، دەتوانین جێپەنجەکانی ئەم بەهایە بەدی بکەین.

**- گەورە و بچووکی !**

گەورەیی بە تەمەن گوزارشت لە ئەزموون و مەعریفە دەکات ؛ هەرچەندی مرۆڤ بە تەمەنتر بێت ڕۆڵ و پێگەی کۆمەڵایەتیی زێتر دەبێت. مرۆڤی بچووك، منداڵ و گەنج، دەبێ هەمیشە گوێڕایەڵی لەخۆ گەورەتر بن - قسە لە قسەی لەخۆگەورەتر ناکرێ ؛ نە هەر ئەوە، بەڵکو لە مەجلیسی گەوران بچووك هەر بۆی نییە قسە بکات یان بەکەیفی خۆی دابنیشێت یان... ئەمە بەهایەکی گەلێ گرنگی سستێمی خێڵەتی و دەرەبەگییە کە تیایدا تەمەن و ئەزموون گوزارشت لە مەعریفە دەکەن - لێرەدا زیرەکی، خوێندەواری و بڕوانامە بایەخێکی ئەوتۆی نییە... گەورە و بچووکی بەدەر لە تەمەنیش هەیە... ئەویش لەسەر بنەمای پلە و پایەی کۆمەڵایەتی یان پۆست و هەروەها ڕەگەزیش- لەم بوارەشدا کچ ملکەچی ڕا و فەرمانەکانی برای بچووکی دەبێ(٢).

**- نێر و مێ**

پیاو لە کۆمەڵگای کوردیدا مرۆڤێکی ئیدیاڵە، هەڵگری هەموو جۆرە سیفەتێکی باش و جوانە - هەموو کردەوەیەکی چاك بە پیاوەتی لەقەڵەم دەدرێ، تەنانەت ئەگەر خاوەنی کردارەکە ئافرەتیش بێت- ئەوەش وەکو دیارە ئەوپەڕی بەرجەستەبوونی یاساکانی پیاوسالارییە لە کۆمەڵگای کوردیدا. بەهای پیاوەتی بایەخێکی هەرە باڵای هەیە لە ژیانی کۆمەڵایەتیی کوردەواریدا.

سستێمی کۆمەڵایەتیی کوردەواری لەسەر بنەما و یاساکانی پیاوسالاری بنیادنراوە کە تیایدا ڕۆڵ و پێگەی یەکەم دراوە بە پیاو، لە بەرامبەریشدا ڕەگەزی مێ

تا ئەوپەڕی نەك هەر پەراوێز خراوە، بگرە مێینە بووە بە ئامرازی تانە و توانجگرتن لەلایەن پیاوانەوە... جێگەی سەرنجە كە ئەمە چونكە بووە بە بەها و بووە بە بەشێك لە سستێم، دەبینین ئافرەتانیش شێلگیرانە پەیڕەوی دەكەن و ئێستاش گەلێ جاران بە توانجەوە سیفەتی "ژنانە" دەدەنە پاڵ كوڕ و برا و پیاوەكانیان. لەم جۆرە سستێمانەدا ئافرەت ناگات بە گەلێ پلە و پۆستی سیاسی، ئایینی و كۆمەڵایەتی.

- **ئایینی**

سستێمی كۆمەڵایەتی هەموو هەلێكی ڕەخساندووە بۆ بەرهەمهێنانی تاكی ئیماندار ؛ بۆ ئەمەش دەزگای ئایینیی زەبەللاحی، بەهەموو تواناكانییەوە، خستۆتەگەڕ كە شێلگیرانە كار لەسەر لایەنی ڕۆحی و مەعنەویی تاكەكان دەكات و تائەوپەڕی سەركەوتوو بووە. بەها ئایینییەكان لە هەموو وردەكارییەكانی ژیانی ڕۆژانەدا بەزەقی بەرجەستە بووین ؛ بۆ نموونە لە قسەكردندا (خوا گەورەیە، بەتەمای خودا، خوا دەزانی، ئینشاڵڵا، خوا عافووت بكات...). ئەمە جگە لە ڕەنگدانەوەی دیاردەی ئایینی لە بوارەكانی كولتووری ماددیدا وەكو: مزگەوت، جلوبەرگ، ڕیش بەردانەوە، شێوازی ژیانی ڕۆژانی ڕەمەزان، جەژن و بۆنەی ئایینی... ئایین و دەزگای ئایینی لە كۆمەڵگای كوردیدا كۆڵەگەیەكی هەرە گرنگی سستێمی كۆمەڵایەتین و، كەواتە، شێلگیرانە پرەنسیپی پیاوسالاری پیادە دەكەن و برەوی پێدەدەن، ئەوەش لەسەر بنەمای چەندین دەقی پیرۆزی ئایین - جەستەی ئافرەت دەبێ هەمیشە داپۆشراو بێ، ناتوانێ پێشنوێژی و ئیمامەت بكات، پیاو دەسەڵاتی تەواوی هەیە و ئافرەت دەبێ ملكەچی پیاو و هاوسەرەكەی بێت، جیاكاری لە میراتگریدا...

- **هاوسەرگیری و جیابوونەوە**

ئەمانە دوو دیاردەی كۆمەڵایەتیی گرنگ و زۆر كاریگەرن بەتایبەتی لەسەر ژیان و چارەنووسی ئافرەتان- هەردووكیشیان پەیوەستن بە بڕیار و ڕەزامەندیی پیاوەوە؛ یەكەمیان بەهایەكی گەورە و پیرۆزی لەلایەن كۆمەڵگاوە پێدراوە، دووەمیشیان، لێک جیابوونەوەی هاوسەران، بەهایەكی نێگەتیڤی وەرگرتووە- بەو مانایەی كە جیابوونەوە قەدەغە نییە بەڵام ناحەزە، تەنیا ئافرەتیش باجەكەی دەدات...

لە کۆمەڵگای کوردیدا بە چاوی ڕێزەوە تەماشای ژنی جیابووەوە لە مێردەکەی ناکرێ.

**- خزمایەتی**

خزمایەتی شێوەی سەرەکی و هەرە گرنگی پەیوەندییەکانی نێو سستێمی کۆمەڵایەتییە، ئەویش هەر لە خزمایەتیی خوێن و تا دەگاتە بنەماڵەیی و خزمایەتی بە هاوسەرگیری. خزمایەتی کۆنترۆڵی پانتاییەکی یەکجار فراوانی کردووە لە نێو پەیوەندییەکانی ژیانی کوردەواریدا... ئێمە خزمی یەکترین، دەبێ بەکەلکی یەکدی بێین- گرنگ نییە تۆ چیت یان لەکوێ کاردەکەیت یان چیت پێدەکرێ... ئینتیمای خزمایەتی هێشتاش دەور و کاریگەریی خۆی لەدەست نەداوە. ئافرەت هۆکار و بنچینەی یەکەمی خزمایەتییە ؛ خزمایەتی بەر لە هەموو شتێک بە ڕێگەی ئافرەتەوە دەبێ- بە هاوسەرگیری... پیاوسالاری لە مەشدا بە زەقی ڕەنگی داوەتەوە کە دەڵێ "خزمی لە پشتێ "- واتە خزمایەتی لە باوکەوە و ئەویش لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لەپێشترە و لە دەقە شەرعییەکانیشدا، بەتایبەتیش لە میراتگیری، پێشخراوە.

**- خۆشەویستی**

خۆشەویستی بەهایەکی مرۆیی و کۆمەڵایەتییە، گوزارشت لە لایەنی ڕۆحی و مەعنەوی و سۆزداریی تاکەکان دەکات بەرامبەر بە یەکتر ؛ خۆشەویستی ئەگەرچی ڕەهەندێکی گەورەی دەروونیی هەیە، بەڵام لە هەمان کات بەهایەکی کۆمەڵی و کولتوورییە – ئەوا سستێمەکەیە تاك فێردەکات کێ و چەند و چۆن ئەویتر و ئەوانیتری خۆشبوێ ؛ لەم حاڵەتەشدا، پێوەری خۆشەویستی ملکەچی و گوێڕایەڵییە: من تەنیا ئەوکاتە تۆم خۆشدەوێ کە لەقسەم دەرنەچی، یان خزمەتم بکەی !!! ؛ جێی سەرنجە کەخۆشەویستی لە کۆمەڵگای ئێمەدا تەسکترین پانتایی ژیانی گرتۆتەوە کە ڕەنگبێ لە سنووری خێزانی دەرنەچێ، کەچی لەوێشدا بەرجەستەبوونی تابلێی کزە - دایك بۆ منداڵەکەی لێ دەرچێ، کەس بەکەس ناڵێ: تۆم خۆشدەوێ !... ئەم جۆرە دەربڕینانە، بەتایبەتیش بۆ پیاو، ناحەزن. هەرچی ئەڤیندارییە ئەوا لە کولتووری کوردیدا تابووی لەسەرە... ئەویش چونکە ئافرەت ئەکتەرێکی ئەم دیاردەیە دەبێ.

**- کۆمەڵایەتی (بەشداربوون لە بۆنە و ڕێوڕەسمەکان)**

مرۆی کورد، چونکە تاکایەتیی خۆیی لەدەستداوە، دەبێ ملکەچی هەموو مەرج و بوارە کۆمەڵایەتییە لەژمار نەهاتووەکان بێ – ئامادەبوون لە ڕێوڕەسمە کۆمەڵایەتییەکان: مردووناشتن، پرسە، ژنهێنان، داوەتکاری، سەردان، دیوەخان... بەبێ ئەمانە تۆ کەسێکی پەراوێزخراوی... چونکە ئەمانە لای بەشی هەرەزۆری کۆمەڵگا نرخ و بەهای خۆیان هەیە – بەشداربوون لە بۆنەکان، لەناوەرۆکدا، بەرجەستەبوونی ڕۆحی هاوکاریی کۆمەڵایەتییە کە بنچینەی سەرەکیی ژیانی کۆمەڵایەتیی هەر کۆمەڵگایەکە.

- کات... لەگەڵ ئەوەی ژیان بریتییە لە کات، بەداخەوە لای مرۆی کورد، بێگومان بە ئافرەتیشەوە، بێ بایەخە و ئەم هەرگیز پەلەی نییە. لە کوردەواریدا کات توند بەستراوەتەوە بە ئایینەوە و مرۆی کورد هەمیشە چاوەڕوانی مەلا بانگدانە ؛ زۆریش دەستەواژەی پێشنوێژ، پاشنوێژ، ڕەمەزان و جەژن و حەج – بۆ دەربڕینی کات بەکاردێنی.

- کارکردن... ئەگەرچی مرۆی کورد وەک هەر خەڵکێکی تر بواری کارکردن و چالاکی و ماندووبوونی خۆیی هەیە، بەڵام دەستەواژەی وەکو: ئیسراحەت، پشوو، خۆت ماندوو مەکە، لەماڵی خۆت دانیشە، پاڵکەوتن، خانەنشینی... ئەمانە هەمووی زۆر باون و لە بەهای کارکردن کەم دەکەنەوە ؛ هەرچی لە بواری دەزگای فەرمییەوەیە- پەروەردە، زانکۆ و خزمەتگوزاری... بایەخێک بەدیی ناکرێ لە جۆر و کوالیتی کار و کارکردندا – بەرهەمەکانی کارکردن لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەرگیز لە ئاستی پێویستدا نین ؛ ئەمەش واتە کارکردن بەهایەکی ئەوتۆی نییە. لە کۆمەڵگای پیاوسالاردا دەرفەتەکانی کار بۆ ئافرەتان تائەوپەڕی سنووردارن، ئەگەرچی لە لادێ ئافرەتی کورد بەشداریی لە هەندێ کاری پیاواندا دەکات: دروونەکردنی دەغڵ، ئاژەڵ بەخێوکردن، کۆکردنەوەی گژوگیا و تەپاڵە و ئالیک، خشتبڕین و...

ئەمانە هەندێ بەهای باوی نێو کۆمەڵگای کوردی بوون ؛ ئێستاش هەوڵدەدەین، لەسەر بنەمای جۆری سستێمی کۆمەڵایەتی، بەها هەرە باو و کاریگەرەکان دەسنیشان بکەین، ئەوەی دەکرێ هەست بە تارماییەکانیان بکەین بەسەر کەسایەتیی جەمعی یان نەتەوەیی کوردەوە.

کورد بەگشتی خاوەن کۆمەڵگایەکی لادێی- خێڵەکییە[٣] و هەموو ئەو بەهایانە لەخۆ دەگرێ کە کۆمەڵگایەکی لەم جۆرە پێیانەوە بەڕێوەدەچێ. کەسایەتیی مرۆی کورد بەڕوونی سیماکانی لادێی- خێڵەکی- بنەماڵەیی و هەروەها هەژاری و نەخوێندەواریی پێوە دیارن، ئەمانەش ڕەنگدانەوەیان هەیە بەسەر ژیان و ڕەفتار و هەڵوێستەکانیەوە:

لادێیی
خێڵەکی } بەهاکانی: پیاوسالاری، ئازایەتی، توندوتیژی...
بنەماڵەیی

هەژاری - ملکەچی و باوەڕ بەخۆنەبوون

نەخوێندەواری - ئاییناری، لاسایکەری (میران، 2021، ٨٨- ٩٢).

### پیاوسالاری

سیمای سەرەکی و هەرە کاریگەری سستێمی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای کوردیدا پیاوسالارییە ؛ واتە پیاو زاڵ و باڵادەستە لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا، لە بەرامبەردا ئافرەت بەڕادەیەکی زۆر لاوەکی و پەراوێزخراوە.

کرۆک و ناوەرۆکی پیاوسالاریش دیاردەی دەسەڵاتە... دەسەڵات بەسەر ئەوانیدی و لە هەموو کونج و بوارەکانی ژیاندا: لەناو خێزان، پەیوەندییەکان، کار، ئابووری و سیاسەت و تەنانەت لەناو دۆست و برادەرانیش. لەم ڕوانگەیەوە، کەواتە، پیاوسالاری تەنیا بەرەوڕووی ئافرەتان نابێتەوە، بەڵکو بەهەمان ڕادە، بگرە زێتریش، کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان پیاوانیش دەنوێنێ و لەمەشەوە دیاردەی توندوتیژی سەر هەڵدەدا ؛ بەدەسهێنانی دەسەڵات لەنێو گرووپێکدا بە وازهێنان لە دەسەڵات لەلایەن ئەوانیدییەوە دەبێ، پرەنسیپی پیاوسالاریش ڕێگرە لەبەردەم ئەم

هاوکێشەیەدا، بۆیە زۆربەی جار پەنابردن بۆ بەکارهێنانی هێز تاکە ڕێگایە بۆ یەکلابوونەوەی کێشەکە- ئەمەش واتە توندوتیژی.

ئەوە شێوازی بیرکردنەوەی پیاوسالارییە (پیاوەتی، ئازایەتی، دەسەڵات، هێز...) کە بووە بە هۆکاری سەرەکیی هەڵچوونی زوو، تووڕەیی و ئاکار درشتیی مرۆی کورد لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا و بەر لە هەموو شتێکیش لەنێو خێزانەکەیدا و بە پلەی یەکەمیش بەرامبەر بە هاوسەرەکەی.

**ئەنجامگیری**

ئەگەر سەرنج بدەین، پرۆسەی مەدەنیبوون و بەشاریبوونی کورد (Urbanization) لە ڕاستیدا لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردووەوە دەستی پێکردووە ؛ بۆیە بە دڵنیاییەوە توخم و دەزگا تەقلیدییە پێکهێنەرەکانی بنیادی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای کوردیدا، بەهەندێ گۆڕانەوە، هێشتا هەر ماو و بەرقەرارن– وەکو: خێزانی گەورە، بنەماڵە، خێڵ، ئاغا و بەگ و موڵکایەتی؛ ئایینی- مزگەوت، شێخ و تەکیە و خانەقا؛ دەسەڵاتی پیاو و پیاوەتی؛ پەیوەندییەکانی خوێن، خزمایەتی، دۆستایەتی... هەموو ئەمانەش، بە ڕای ئێمە، دەکرێ کورت بکرێنەوە لەم دەستەواژەیەدا: کۆمەڵگای پەیوەندییەکان، مەرایی و زێدەڕۆیی. لەم ڕووەوە، سەرلەبەری مینتالیتێتی ئەندامانی کۆمەڵگای کوردی ڕەنگدانەوەی ئەم سێ توخمەن: ڕەچاوکردنێکی توندی پەیوەندییەکان لە ژیانی ڕۆژانەدا- بەتایبەتیش خزمایەتی ؛ مەراییکردن و پیاهەڵگوتن ؛ زێدەڕۆیی نزیکەی لە هەموو شتێك– لە خۆشەویستی، لە ڕق هەڵگرتن، لە دڵخۆشی، لە خەمباری، لە ئازایەتی، لە ترسنۆکی... ئەم سێ توخمەش (پەیوەندی، مەرایی، زێدەڕۆیی)، وەکو ئاشکرایە، مێژوویین و دوورن لە مەودای کاریگەرییەکانی پرۆسەی مۆدێرنیزمەوە- ئەمانە لە هەموو ماوەی مێژوودا شێوازی ژیانی کوردیان داڕشتووە و کەواتە ڕەنگدانەوەیان هەبووە و هەیە لەسەر شێوازی بیرکردنەوەشیان کە بارگاوییە بە بەهاکانی پیاوسالاری.

لە ئەنجامی بەڕێوەچوونی پرۆسەی بەمەدەنیبوونی کۆمەڵگای کوردی و ڕوودانی گۆڕانکاریی بەرچاو لە ڕەوشی کۆمەڵایەتی و کولتووریدا، هەروەها وردە

وردە هاتنە ناوەوەی چەندین بەهای کولتووریی نوێ لە بابەتی دیموکراتی، یەکسانی، مافی مرۆڤ، مافی ئافرەت و... بە کەم و زۆر پیادەکردنیان لە ژیانی ڕۆژانەدا، بەڵام هێشتاش کۆمەڵگای کوردی ڕزگاری نەبووە لەو سستێمە کۆمەڵایەتییەی کە کولتوورێکی پیاوسالار بەڕێوەی دەبا و تیایدا مرۆی کورد بەگشتی و ئافرەتیش بەتایبەتی لە ژیانی ڕۆژانەیاندا ڕووبەڕووی توندوتیژی،گرفت و تەنگوچەڵەمەی کولتووری و کۆمەڵایەتی دەبنەوە.

پەڕاندنەوەی پێگەی کۆمەڵایەتیی ئافرەتی کورد بۆ ئاستێکی بەرزتر کە شیاوی قۆناغی پۆست مۆدێرنیزم و دیاردەی جیهانگیری بێت، پێویست دەکات دەسەڵاتی سیاسی و مەدەنی لە هەرێمی کوردستان بڕیار و کاری پڕاکتیکی ئەنجام بدات بۆ جێگیرکردن و پیادەکردنی بەها کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی لە دنیای پێشکەوتوودا باو و بەرقەرارن و ئاستێکی شیاوی پلە و پێگەی ئافرەت فەراهەم دەکەن لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا.

## سەرچاوە:


١- اي غاسيت، خوسه اورتغا ٢٠١١، تمرد الجماهير، ترجمة: علي ابراهيم اشقر، دار التكوين، دمشق.

٢- الثقافات و قيم التقدم ٢٠٠٥، تحرير لورانس ای. هاريزون، صمويل هنتنجتون، ترجمة: شوقي جلال. القاهرة.

٣- قنصوه، صلاح (د.) ٢٠١٠، نظرية القيم في الفكر المعاصر، التنوير، بيروت.

٤- لێژەک ژیگیل ١٩٩٩، کۆمەڵی لادێی کوردستانی هاوچەرخی عیراق بەرامبەر بە نوێبوونەوە. وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عەزیز گەردی، کوردستان.

٥- مير، لويسى ١٩٨٣، مقدمة في الانثروبولوجيا ألإجتماعية، ترجمة: د. شاكر مصطفى سليم. بغداد.

٦- میران، ڕەشاد (د.) ١٩٩٨، سیماکانی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگای کوردیدا. گۆڤاری (زانکۆ)ی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سەلاحەددین، ژمارە (٣)، هەولێر.

٧- میران، ڕەشاد (د.) ٢٠٠٩، توخمی نوێ لە کولتووری کوردیدا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٤١).

٨- میران، ڕەشاد (د.) ٢٠١٢، مەعریفە و تاك و كۆمەڵ – لە ڕوانگەی سۆسیۆلۆگیای مەعریفەوە، هەولێر، ئاراس.

٩- میران، ڕەشاد (د.) ٢٠١٢، مەعریفەی ڕۆژگاری ئێستا و دەرهاویشتەکانی لە کۆمەڵگای کوردیدا -گۆڤاری زانکۆی سەلاحەددین بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، ژمارە (٥٣)، هەولێر.

١٠- میران، ڕەشاد (د.) ٢٠١٦، چەند بابەتێکی ئێتنۆکۆمەڵایەتی. بەرگی ١-٢، هەولێر.

١١- میران، ڕەشاد (د.) ٢٠٢١، مرۆڤناسی. هەولێر.

12- Storey ,John 2015. Cultural Theory and Popular Culture- An Introduction, New York.

13- Herlitz, Gilli 2010, Kulturgrammatik, Liber, Egypt.


## پەراوێزەکان:

(١) بەم بۆنەیەشەوە گرنگە سەرنجێك، ئەگەرچی سەرپێیانە، دەربڕین سەبارەت بە لایەنێکی هەرە بەرچاوی کەسایەتیی مرۆڤی کورد، کە بەڕادەیەکی زۆر جۆر و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ بەهاکان ڕوون دەکاتەوە، ئەم لایەنەش خوودیزمی (زاتییەت) مرۆی کوردە –ئەمە بەڕای ئێمە کاردانەوەیەکی سروشتیی تاکەکەسە بەرامبەر بە پشتگوێخستن و پەردەپۆشکردنی تاك لەلایەن سستێمی کۆمەڵایەتییەوە – کەچی کاردانەوەکە تابڵێی زێدەڕۆییانەیە و ئەمەش هەڵوێستی ئەو تاکە دەردەخات لە بەکارهێنانی بەها کولتوورییەکاندا.

(٢) سەبارەت بە جیاکاری لەسەر بنەمای تەمەن، بڕوانە: (میر، ١٩٨٣، ٦٧-٦٩، ١٣٣).

(٣) خێڵ لە کوردستاندا ئەگەرچی وەکو دەزگایەکی کۆمەڵایەتی- سیاسی بەڕادەیەکی زۆر کاڵبۆتەوە و وەکو جاران نییە، بەڵام ئێستاش جۆرە ئینتیمایەکی سیمبۆلیی بۆی هەر ماوە، زۆریش لە بەهاکانی هێشتا هەر بەرکارن ...

## الملخص

## المرأة في الثقافة الكوردية

### دراسة انثروبولوجية في أقليم كوردستان

بحث ميداني حول الاسس الاجتماعية و الثقافية للتفريق بين الرجل و المرأة، تأثيرات هذه الظاهرة و نتائجها على حياة المرأة و الوضع الاجتماعي بشكل عام في المجتمع الكوردي ؛ و في الختام هناك عرض للنتائج. انه بحث انثروبولوجى معتمد على منهج المعايشة و الملاحظة المباشرة باعتبار ان الباحث نفسه عضو في مجتمع الدراسة، الى جانب اللجوء الى بعض المصادر النظرية حول الموضوع.

بعد توضيح و القاء الضوء على البنية الاجتماعية للمجتمع الكوردي، آليات عمل موءسساتها، تنظيم الحياة و العلاقات الاجتماعية، ركز البحث على الثقافة التي هي أبوية (بطرياركية) كعامل اساسي لتسلط الرجل و تهميش مكانة المراة في المجتمع الكوردي و بالاخص احد اهم عناصر تلك الثقافة، الا و هو القيم... القيم الابوية السائدة هنا قد وضعت قيودا و عراقيل امام اساليب حياة المرأة و حددت كثيرا من حقوقها و حريتها. و قد تم الاشارة الى بعض القيم ذات محتوى الابوية و من ثم محاولة تحليلها و بيان مدى فاعليتها و تاثيرها على وضع المرأة الكوردية.


المفاهيم الاساسية: المجتمع الكوردى، الثقافة، القيم، الأبوية (البطرياركية)

# Abstract

## Women in the Kurdish Culture

This study takes an analytical approach to the social and cultural essences that divides men and women in the Kurdish society, the impact and outcomes of this social phenomenon on the life of Kurdish women and the general social inclinations within the Kurdish society; finally, outcomes and suggestions are presented which are supported by relevant theoretical resources and field observations of this phenomenon-;as the author is a member of the society analyzed.

This analytical study sheds light on the components of the Kurdish social system, the mechanism of its social establishments and the ways it works, how it organizes life and social relationships. This analytical study defines the Kurdish society as a patriarchal society; thus, the main factor of male dominance leading in due course to female alienation in the society and in particular, its human value ; the patriarchal values and their impacts on the Kurdish society led, to a large extent, hardship on the life of Kurdish women- difficult tasks are laden upon them and their liberties made limited ... in this study references are made to a number of Kurdish cultural values which have patriarchal connotations,  thus attempt is made to explore levels of their effects on the Kurdish women life.


**Key words**: Kurdish society, culture, values, patriarchy